وانەی (١٨)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ١٠، ١١ ، ١٤ ، ١٥) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بکە بۆ ئایەتەکانی تایبەت بە "کڵێسای مەسیح"

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ئایەتە لەبەرکراوەکانی تایبەت بە "کڵێسای مەسیح"

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٥: 1- ١١

پێشەکی : پۆڵس لە ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠ کۆتایی بە فێرکردنەکەی دەهێنێ بەوەی هیچ نەتەوەو جولەکەیەك ناتوانێ ڕاستودروست بێت و بێتاوان

بێت لەبەرچاوی خودا ، وە هەموان بۆ لێپرسینەوە دەبێت وەك تۆمەتبار بوەستن لەبەردەم خودا . هەروەها لە دەرئەنجامی فێرکردنەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە پاراستن وکارکردن بە شەریعەت مرۆڤ نابات بەرەو ڕاستودروستی . وە لە ڕۆما ٣: ٢١- ٣١ پۆڵس باسی چۆنیەتی ئەو دەکات کە مرۆڤ پێی بێتاوان وڕاستودروست دەبێت.

ڕۆما ١: ١- ٣ : ٢٠ باسی ئەوە دەکات کە نەتەوەکان و جولەکە پێویستیان بە ڕاستودروستی خودا هەیە وە ڕۆما ٣: ٢١- ٤: ٢٥ باسی ئەو شێوازە دەکات کە ڕاستودروستی تێدا دەست دەکەوێت وە لە ڕۆما ٣ مردنی مەسیح وێنەیەکی کەفارەتمەندانەیە لەسەر بنەمای ڕاستودروستی خودا . وە لە ڕۆما ٤ نمونەی باوەڕی ئیبراهیم دەردەخات وە ڕۆما ٥- ٨ ئەنجام وکاریگەریەکانی ڕاسودروستی خودا دەردەخات وە ڕۆما ٥: ١- ١١ بەرەکەتی ڕاسودروستی خودا دەردەخات کە باوەڕداران ئەزمونی دەکەن لە ئاشتی و نیعمەت کە بەژیانی هیواو خۆشەویستی بەڕێوەیان دەبات .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا

پێکەوە ڕۆما ٥: ١- 11 **دەخوێنینەوە** .

بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان

بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).

هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن

ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 5: ١- ٢

ئاشکراکردنی ١: ئەنجامی بێتاوانیی بە باوەڕ.

أ. ئەنجامی یەکەمی بێتاوانیی بە باوەڕ لە ئایەتەکانی ١- ٢ دایە : بەدڵنیاییەوە ئاشتیمان هەیە لەگەڵ خودا . بەپێی ئایەتی ١ پەیوەندی نوێمان هەیە لەگەڵ خودا ئەمەش دەکرێ گوزارش بکرێ بەوەی ئاشتیمان هەیە لەگەڵ خودا ئەمەش لەسەر بنەمای مردنی عیسای مەسیح وەکو کەفارەت بۆ ئێمە ، ئێمەش ئاشتی دروست دەکەین لەگەڵ خودا بەوەی نیعمەتەکەی لەڕێگەی باوەڕەوە بەدەست دەهێنین . وە بە پێی ئایەتی دوەم ئێمە تاهەتایە بێتاوانیمان بەبێ بەرامبەر بەردەوام دەبێت تەنها لەڕێگەی عیسای مەسیح.

ب. ئەنجامی دوەمی بێتاوانیی بە باوەڕ لە ئایەتی ٢ دایە : دڵخۆشین بە هیوای شکۆی خودا.

هیوا ئەو دڵنیاییە یە کە بیرکردنەوەیە لەو داهاتوەی کە بەڵێنی پێدراوە لە ئێستادا .

ڕۆما ٥: ٣- ١١

ئاشکراکردنی ٢: دو ئەنجامئ تر لە بێتاوانیی بە باوەڕ .

ج. ئەنجامی سێ یەم بۆ بێتاوانی بە باوەڕ لەئایەتەکانی ٣- ٥ دایە دڵنیایی تەواومان هەیە بە خۆشەویستی خودا بۆمان .

بڕوانە یاقوب ٢: ٢- ٤ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٥- ١١ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٢- ١٦ .

د. ئەنجامی چوارەم بۆ بێتاوانی بە باوەڕ لە ئایەتی ٦- ١١ دایە : دڵنیاییمان هەیە سەبارەت بە ڕزگاریی کۆتایی وتەواوەتیمان.

بڕوانە ئایەتی ٧ هەروەها ئایەتی ٨ وە ئایەتەکانی ٩-١١ .

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە
بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 5: 1- 11 ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).
گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 5: 1- 2

پرسیاری ١ : خەڵکی چۆن ئاشتیان لەگەڵ خودا دەست دەکەوێت ؟

تێبینیەکان .

ئەو مرۆڤەی پشت دەبەستێ بە کارە چاکەکانی وکارکردن بە شەریعەت لە پێناوی بێتاوانی و ڕاستودروستی ناتوانێ ئاشتی لەگەڵ خودا بەدەست بهێنێ یان ئاشتی ئەزمون بکات بە هزری ، وە ناتوانێ کارە باش وچاکەکانی وا بکات تورەیی خودا لەسەر گوناهەکانی لابێبات . وە ناتوانێ ترس لە سزای خودا بڕەوێنێتەوە ، وە ناتوانێ ئاشتی لەگەڵ خودا دەست بکەوێت بەبێ بێتاوانیی بە باوەڕ ، چونکە بێتاوانیی لەسەر بنەمای قوربانی کەفارەتمەندانەی مەسیحە ، ئێمە ناتوانین ئاشتی لەگەڵ خودا دروست بکەین بە کارکردن بە شەریعەت بەڵکو خودا بە قوربانی کەفارەتمەندانەی مەسیح ئەو ئاشتیەمان دەداتێ .

ڕۆما ٥: ٣- ٥

پرسیاری ٢: بۆچی باوەڕدارانی ڕاستەقینە دڵخۆش دەبن بە ئازارەکانیان؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٥: ٣ ؛ مەتا ٥: ٤- ١٢ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ٩ . چونکە کاتێ پەیوەندیمان لەگەڵ خودا دەگۆڕێت ئیدی پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو شتەکان وخەڵکی و ڕوداوەکاندا دەگۆڕێ .

ڕۆما ٥: ٦- ٨

پرسیاری ٣: خواد چۆن خۆشەویستی خۆی ڕادەگەیەنێ بۆمان؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٥: ٦- ١٠ وەڵاممان دەداتەوە کە خودا خۆشەویستی خۆی دەردەخات بۆمان لە ڕێگەی مردنی مەسیح لە پێناوماندا .

أ. خۆشەویستی سروشتی خودایە ، بۆیە ئەو ناچار نیە خۆشەویستیەکەی خۆی دەربخات لەکارێکی دیاریکراودا. بڕوانە یەرمیا ٣١: ٣ .

ب. خودا خۆشەویستیەکەی خۆی دەردەخات بۆمان لە ڕێگەی مردنی عیسای مەسیح لەسەر خاچ.

ج. خودا خۆشەویستیەکەی خۆی دەردەخات بۆمان بەردەوام بۆ سودمەندبونی ژیانی لاواز و ناشایستەمان لە کاری مەسیح . ئایەتی ٦ پێمان دەڵێت کاتێ ئێمە لاوازبوین عیسای مەسیح مرد لە پێناوی خراپەکاراندا . هەروەها بڕوانە ڕۆما ٥: ٦، ٨، ١٠ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١٠ ؛ ڕۆما ٥: ٦-٨ .

ڕۆما ٥: ٩- ١١

پرسیاری ٤: جیاوازی چیە لە نێوان بێتاوانی و چاکبوونەوەو ڕزگاریی ؟

تێبینیەکان .

أ. دەستەواژەی بێتاوانی گوزارش دەکات لە گۆڕانکاری لە دۆخی یاساییدا. بڕوانە یۆحەنا ٥: ٢٤ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ ڕۆما ٥: ٩ وە بناغەو هۆکاری بێتاوانیمان کارەکانمان نیە و باوەڕ وگوێرایەڵیمان نیە تەنانەت کارەکانی مەسیحیش نیە تیاماندا بەڵکو ئەو کارەیە کە مەسیح کردی لە پێناوماندا بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٣ ؛ عیبرانیەکان ٩: ١٢ .

ب. دەستەواژەی چاکبوونەوە یاخود ئاشتبوونەوە گوزارش دەکات لە گۆڕانکاری لە پەیوەندیدا . بڕوانە ڕۆما ٥: ٩- ١١ ؛ ڕۆما ٥: ١ ؛ مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٤- ١٦ .

ج. دەستەواژەی ڕزگاریی گوزارشە لەو کردەیەی گۆڕانکاری بەردەوام لەخۆ دەگرێ . بڕوانە ٥: ٩- ١٠ ؛ ڕۆما ٨: ١ ؛ ڕۆما ٨: ٢٩- ٣٠ ؛ فیلیپی ١: ٦؛ ڕۆما ٥: ١٠ ؛ ڕۆما ٤: ٢٥ ؛ ڕۆما ٨: ١١؛ یۆحەنا ١٤: ١٩ لە ڕاستیدا باوەڕدارانی عیسای مەسیح بێتاوان بوون و چاکبوونەوەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا و بە تەواوەتی ڕزگاریان دەبێت لە ئایندەدا و خۆشی و بەختەوەری مەزن دێتە نێو دڵیان ، ئێمە خۆشحاڵین وشانازی دەکەین بە ڕزگاریەوە ئەوەی دەستی پێکرد لەژیانمان لەسەر زەوی ، وە پڕ و تەواو دەبێت لە هاتنی دووەمی عیسای مەسیح .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیرەوی بکە</u>. پەپرەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٥: ١- 11 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 5: ١- 11 .</u>

5: 1 : ئاشت بەرەوە لەگەڵ خودا بە باوەڕهێنانت بە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی لە پێناوتدا .

٥: ٢ : لەبری ئەوەی هەوڵ بدەی ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنیت بە کارە چاکەکانت و پەیڕەویە ئایینیەکانت ، نیعمەتی خودا بە باوەڕ بە عیسای مەسیح قبوڵ بکە .

٥: ٣- ٤ : دڵخۆش بە بە ئازارەکانت لە ئێستادا جونکە خودا ئەم تەنگانەو ئازارانەت بەکاردەهێنێ بۆئەوەی چەسپاویت تێدا دروست بکات و هیوات تێدا بچینێ تاوەکو بێ هیوا نەبیت و نەڕووخێیت .

٥: ٥ : بزانە کاتێ عیسای مەسیح قبوڵ دەکەیت لە ژیانتدا ڕۆحی پیرۆز تیاتدا نیشتەجێ دەبێت لە نێو دڵ وژیانتدا وە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە خودا دڵت پڕ دەکات لە خۆشەویستی .

٥: ٦- ١٠ : بزانە کە بە سروشتەکەت لاوازو گەندەڵ و گوناهبار و دوژمنی خودایە ، وە بزانە هەموو ئەمانە دەگۆڕێت کاتێ باوەڕ دەهێنیت بە عیسای مەسیح کە مرد لە پێناوتداو لە بری تۆ ، بزانە کە مردنی عیسای مەسیح لەسەر خاچ تاقە ڕێگەیەکە کە دەتوانی بەهۆیەوە ئاشتبیتەوە لەگەڵ خودا و پیرۆز بیت و بێتاوان بیت وە خۆشەویستی و بەزەیی خودا بەدەست بهێنیت .

٥: ٩- ١١ : دڵنیابە کە تۆ باوەڕ دەهێنیت بە عیسای مەسیح بێتاوانی وئاشتبوونەوەو ڕزگاریی بەدەست دەهێنیت . واتای بێتاوانی ئەوەیە کە ئازاد دەبیت لە حوکمدان لەسەر گوناهە ، خودا لە گوناهەکانت خۆش دەبێت وە سەد لەسەد لەبەردەمیدا بێتاوان دەبیت وە بە بێتاوانت دادەنێت و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەت لەگەڵ دەکات ، واتای ئاشتبوونەوە ئەوەیە کە ئازاد دەبیت لە گوناهە و ئاشت دەبیتەوە لەگەڵ خودا و پەیوەندیە لەگەڵ خودا دروست دەکەیتەوەو دەگەڕێنیتەوە . واتای ڕزگاریی ئەوەیە کە تۆ ڕزگارت بوو لە تاوانی گوناهە و حوکمدانی بەوەی زیاتروزیاتر ڕزگارت دەبێت لە هێزی گوناهە و گەندەڵی ئەم جیهانەی ئێستا ، وە تۆ لە هاتنی دووەمی عیسای مەسیحدا بە تەواوەتی ڕزگاری=ت دەبێت لە دەرئەنجامەکانی گوناهە .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. لەبەرئەوەی من باوەڕم بە عیسای مەسیح هێناوە وەکو ڕزگارکاری کەسێتیم ئیدی باوەڕم هەیە کە خودا بە بێتاوانم دادەنێت و ئاشتم دەکاتەوە لەگەڵ خۆی بۆیە چێژ دەبینم لە ئاشتی لەگەڵ خودا ، وە دەزانم ئەو گوناهانەی لە ڕابردوو کردوومە بەر لێخۆشبوون کەوتن ، وە خراپەکاریەکانم لە ئێستادا لە ژێر دەسەڵاتی چاکەدایە وە ڕوداوەکانی داهاتووی ژیانم ناتوانێ لە خۆشەویستی خودام جیا بکاتەوە !

ب. لەبەرئەوەی باوەڕم بە عیسای مەسیح هەیە وەکو رزگارکاری کەسێتیم ، دڵنیام هەموو فشارو تەنگانەوە چەوسانەوەیەکان کە توشم دەبن لە پێناوی مەسیح و ئەرک وئامانجەکەیدا پێم دەگەیەنێ لە مەسیحدا و زیاتر خزمەتەکەم بەروبومی دەبێت هەروەها دەزانم کە خۆشەویستی خودا بۆ من وام لێدەکات زیاتر بچەسپێم لەکاتی تەنگانەو چەوسانەوەو ئازاردا ، من سوپاسی خودا دەکەم وستایشی دەکەم کە وازم لێناهێنێ تاهەتایە !

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 5: 1- 11 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .

نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 5: 1- 11.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور 16، 18، 19 ، 22 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما ٤: 5 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی" سامیریە چاکەکە" ئامادە بکە لە لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .